جەلال و جەمال كاميان شان ؟

هوشيار ئيبراهيم

جەمال شانێك هەيە لە كوردستان حزبۆكەی پارتی نيشتيمانی توركمانی لەبەرەی توركمانی هەيە، لە چاوپێكەوتنێكيدا لەگەڵ رۆژنامەی هاوڵاتی لێيان پرسيبوو : ئێوە وەك بەرەی توركمانی حساب بۆ ياساكانی هەرێم و پەرلەمانی كوردستان ناكەن ؟

جەمال شانی خاوەن حزبۆكەی توركمانی دەڵێت :

نەخێر كام ياسا. ؟ ياسای عێراقيت مەبەستە ؟ ئێرە ناوچەيەكی ئارامەو ناوچەيەكی كاتيە... تاوەكو جێگير دەبێت و ديموكراتيەتی تێدەكەوێت.

لە شوێنێكی ديكەی هەمان چاوپێكەوتن جەمال شان دەڵێت : (ئێمە لەگەل توركيادا بەرژەوەندی خۆمان لا گرنگە ، كوردەكانيش دەتوانن كێشەی خۆيان لە توركيا چارەسەر كەن)

هەمووئەمانە و لەسەرووبەندی چاوپێكەوتندا جەمال شان دەيەوێت بلێ ئەم خاكە ناوی كوردستان نيەو كورد كەمينەيە و پێويستە سيادەی تورك بگاتە ناو خاكی كوردستانەوە ... هيچ دان پيانانێك ناكات بۆ بوونی خاكێك كەناوی كوردستانە و نەتەوەيەك كەناوی كوردە ...

لەوانەيە وەك خۆم پێم سەير نەبێت كابرايەك كە ميتی تورك ناردويەتی و بيەوێ وروژاندنێك دروست بكات و چاوی كامێراكان و مايكرۆفۆنەكان بخاتە سەر حزبۆكەكەی..

كابرايەك كەناوی لە پياوی تورك هاتبێ (تورك + مان) بەمانا ئينگليزەكەی پياوی تورك يان سيخوری تورك وەياخود پاسەوان و سەگی تورك.. بە هيچ شێوەيەك لێی ناگيرێت و دەڵێين يەكێ سيخور بێ هەر دەبێ وابلێ ... يان دەبێ هەروا بيركاتەوە، وەلێ ئەوەی جێگەی پرسيار بێ.. يان پرسياری دروست كردوە و ئيستا لە شەقامی كوردی و لە لای جاليەی كوردی لە ئەوروپا بۆتە مشت و مر.. لەسەرئەوەيە.. پارتێكی سەرەكی نێوبزاڤی رزگاری خوازی كوردستان.. كە خاوەن دەسەڵاتەو عەشامەتێكی بەدواوەيە و خۆی بە خاوەنی دۆزی كورد دەزانێ و لە پرۆگرامی حزبەكەيدا مافی چارەیخۆنووسينی هەڵگرتوە و خۆی بە خاوەنی لافاوێك خوێنی شەهيدان دەزانێ.. سكرتێری ئەو پارتە لەداوی چاوپێكەوتنەكەی جەمال شان و رێك بەدوای خوێندنەوەی چاوپێكەتنەكەی بەقسەی كرد و بار وبارگەی پێچايەوە و رووی لە ئەتاتورك كرد و چوە ميحرابی و گوڵی لەسەر داناو كێشەكەی بردە بەردەم توركيا بۆ چارەسەركردن ئەوانيش پێيان گوتوە لە هەموو ئەو دروشمە باق و بريقەدارانەت پەشيمان بەرەوە و بلێ.. فيدراڵی چی و حاڵی چی و ئۆتۆنۆمی چی و كوردی چی و لافاوی خوێنی چی و شەهيدان چی و دۆزی رەوای گەلی كورد لەكۆی و ... هتد ...

جەمال شان كە دەڵێ : (ئێمە لەگەل توركيادا بەرژەوەندی خۆمان لا گرنگە و كوردەكانيش دەتوانن كێشەی خۆيان لەگەڵ توركيا چارەسەركەن) رێك و بێ سێ و دوو مام جەلال سكرتێری گشتی ينك وای كرد.

جەمال شان دەڵی (كام ياسا ؟ ياسای عێراقيت مەبەستە ؟ ئێرە ناوچەيەكی ئارامەو ناوچەيەكی كاتيە.. تاوەك و جێگير دەبێ و ديموكراتيەتی تێدەكەوێ ...)

مام جەلال.. خاوەنی يەكێتی نيشتيمانی كوردستان رێك و بێ يەك و بێ و دوو لافاوی خوێنی شەهيدان و دۆزی رەوای گەلی كوردستان و مافی چارەی خۆنووسينی لەيەك لەحزەی بێ هوودەييدا سريەوە و لە بيری چوەوە و پەيمانی دا كە وەكو جەمال شان بلێ.. ئێمە دەمانەوێت ديموكراتيەت لە عێراقدا بچەسپێ و فيدراڵيەتمان ناوێ و بڤەيە و بەكەمتر لە ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٧٤يش رازين. بەس ئێوە وەك چۆن لە جەمال شان رازين لە ئێمەش رازی بن ... ناوی كوردستان و كوردی نەهێنا و ئەويش وەك و مام شان گووتی ناوچەی ئارام پێويستە ديموكراتی تێ بكەوێ..

باشه من هێنده له سیاسه‌ت تێگه‌یشتوم که (تاکتیك و ستراتیژ) هاوکێشه‌ن له ناو هوونه‌ری سیاسه‌تدا..

ئایا ئه‌م هه‌لوێسته‌ی به‌ریز مام جه‌لال.. تاکتیکه یان ستراتیژ ؟

ئه‌مه چ تاکتیکێکه که ستراتیژی تیا سه‌رونگوم بێ و لافاوی خوێنی شه‌هیدانی تیا بکات به جۆگه‌له ؟

ئه‌مه چ تاکتیکێکه که مافی چاره‌خۆنوسینی تیا لابه‌رێ و بیکات به که‌متر له ئۆتۆنۆمی ١٩٧٤ ؟یان کوردستان بکات به ناوچه‌ی ئارام....

یان فیدرالیه‌ت که کۆمه‌لانی خه‌ڵکی کوردستان بریاریان له‌سه‌ر داوه خۆی لێبکات به‌ده‌م راست و بڵێ.. دیموکراتیه‌ت بۆ عیراق. ئه‌ی کوردستانی فیدراڵ ؟

ئه‌ی دروشمه‌کانی پێش دوو رۆژ له گه‌یشتن به میحرابی ئه‌تاتورک ؟

باشه هه‌وادارانی وه‌ك ئێمه‌و ئه‌ندامان و کادراران و رۆشن فکرانی ناو (ی ن ك) .. هه‌ڵوێستیان چییه ؟

هه‌ڵوێستی خه‌لکان چییه له شاره‌حه‌یاته‌که‌ی سلێمانیدا که تاق و ته‌را تورکمان له‌و شاره‌دا ئه‌گه‌ر هه‌بووبێت ئێستا شه‌ش قوتابخانه‌ی تورکمان کراوه‌ته‌وه.!. هه‌ڵوێستی ماڵباتی شه‌هیدانی شاره حه‌یاته‌که چییه ؟ که ده مه‌تر زه‌ویان پێ ره‌وا نه‌بینیون، له کاتێکدا به میل زه‌وی بناری گۆیژه به‌سه‌ر تورکماندا دابه‌ش ده‌کرێت ؟

من کوری شاره حه‌یاته‌که‌م و هه‌موو ژیانم له‌و شاره‌دا به‌سه‌ر ده‌به‌م.. گوێم له (قارداش) نه‌بوه.. (نه‌جه‌سه‌نێکم) نه‌بیستوه..

ئێستا ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تی (سه‌عدی ئه‌حمه‌د پیره) له که‌نالی کوردساته‌وه ده‌ڵێ.. خوێنمان به‌یه‌که‌وه رشتوه‌و له سه‌نگه‌رێکدا پێکه‌وه جه‌نگاوین و له مێژووی شۆرشی نوێی گه‌له‌که‌ماندا هاوبه‌شین.!.

کام هاوبه‌ش و کام خوێن و تێکه‌ڵ بوونی سه‌نگه‌ر (کاك سه‌عدی ئه‌حمه‌د پیره) یا تۆش تووتی مام شانیت و ئه‌ته‌وێ ته‌نزیر بکه‌یت بۆله‌حزه بێ هووده‌که‌ی به‌رێز مام جه‌لال.. ئه‌ی باشه هه‌لوێستی خه‌ڵکی به هه‌ڵوێستی شاری کۆیه چیه ؟

که له نێو شاری حاجی قادری کۆییدا.. گه‌وره‌ترین و جوانترین کۆشکیان بۆ جه‌ماعه‌ته‌که‌ی جه‌مال شانی (تورك مان) رازاندۆته‌وه و هێنده‌ی نه‌ماوه بڵێن (حاجی قادریش) تورك مانه‌و کاتی خۆی له ژێر چه‌وساندنه‌وه‌ی کورددا شیعری به کوردی نوسیوه..

باشه ئه‌مه‌ی ئێستا ده‌سه‌لاتدارانی یه‌کێتی ده‌یکه‌ن له‌سه‌رده‌می ئه‌تا تورکدا له کوردستانی تورکیاش هه‌روا نه‌کرابوو ؟

ئه‌مه‌ی سه‌رانی یه‌کێتی په‌یره‌وی ده‌که‌ن.. (ته‌تریك) کردنی شاره حه‌یاته‌که و حاجی قادری کۆیی نیه ؟

ئه‌گه‌ر ئه‌مه هه‌نگاونان نه‌بێت... بۆ به (تورك مان) کردنی کولتوری شۆرش و مێژوی شاری سلێمانی و سرینه‌وه‌ی مێژووی ده‌نگی گه‌لی کوردرستان و ته‌له‌ڤزیۆنی گه‌لی کوردستانیش.. چی ناو ده‌نرێت ؟

له کاتیکدا له ماوه‌ی یازده ساڵ دوای راپه‌رین تازه به تازه ده‌نگه دلێره‌که‌ی گه‌لی کوردستان به (تورك مان) ی ده‌که‌ن و.. هه‌موو شه‌وێکیش ته‌له‌ڤزیۆنی گه‌لی کوردستان ته‌تریك ده‌که‌ن.. چی وا له‌ده‌سه‌لاتدارانی شاره حه‌یاته‌که ده‌کات.. گه‌ره‌کێك بکه‌نه‌وه به‌ناوی تورکمان و ناوی لێبنێن گه‌ره‌کی (تورك مان) .. باشه ئه‌مه ته‌شویهکردنی مێژووی شار نیه.. پاش بیست ساڵی‌دی ئه‌مه نابێته مێژوو ؟.. گه‌ره‌کی تورکمان نابێته کولتوری شه‌عبی و ئیدی (تورك مان) بڵێ له‌شکری تورك وه‌رن سلیمانیش هی خۆمانه..

هه‌ر وه‌ك چۆن ساڵی پارسلێمانی پر کرا له‌پاسدارو پارت و ریکخراوه کوردیه‌کانی کوردستانی ئیرانیان تیرۆر ده‌کردو هه‌ڵیان کوتایه سه‌ر ماڵ و باره‌گاکانی‌کوردی ئیران له‌کۆیه.... مزگه‌وتی حسه‌ینییه‌یان له‌نێوه‌ندی شارو له‌سه‌ر شه‌قامی سه‌ره‌کی ئه‌و شاره‌دا دروست کردو وایان له ئیران گه‌یاند ...که کورد و دانیشتوی شاری سلیمانیش هه‌موویان شیعه‌ن و ئه‌وه‌تا بۆ

حەسەن و حسین لەخۆیان ئەدەن ...هەر بۆ زیتر بروا پێ کردنیان.. (مامە) چووە سەر گۆری ئیمام خومەینی و چەپکە گوڵی لەسەر داناو فرمیسکی تیمساحانەی هەڵرشت و کێلی قەبرەکەی ماچ کرد.

ئەمرۆش لەئەنقەرە و ئەستەنبول هەمان بالۆرەی شاری تاران و قوم دووبارە دەبێتەوە و تەنها گۆرەکەی گۆریوە لە خومەینیەو بۆ ئەتاتورك..

ئەمرۆی شاری سلێمانی پرە لە کولتوری شیعەو سبیەینێ ئەو شارەش دەبێتە تورك مان و ئەتاتورك.. ئێمەی کوردیش کە مێژوو نوسمان نیە، باس لە تەشویهکردنی شاری سلێمانی بکات و مێژو بنوسێتەوە و باس لە دەوری سەرانی یەکێتی بکات لە بە (تەتریك) کردنی شار و بە شیعە کردنی خەڵکی شاردا، باشە ٥٠ ساڵی دی نەوەکانمان چۆن بروا بهێنن کە شارە حەیاتەکە لە سەر ژمێری ساڵی ١٩٧٧ دا بەپێی کتێبی (بایەخی جیۆپۆڵۆتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق) کە نووسەر جەزا تۆفیق تالیب نووسیویەتی و لە لاپەرەی ١٤١ خشەی ژمارە ٣٠ دەڵێت " ساڵی ١٩٧٠ دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی٩٤ ٪ کوردن لە ٥،٥٪ عەرەبن و لە ٠،١٪ تورکمانن.. باشە سەرانی یەنك ئاگاداری ئەوە نین.. داگیرکاران هەمیشە لە تەشویهکردنی کلتورەوە دەستپێدەکەن و.. دواتر مێژوونووسەکانیان تەنزیری بۆ دەکەن ؟

دەبێ مام جەلال سکرتێری یەنك و سەرانی دی یەنك دوای ٥٠ ساڵ ی دی چی بە نەوەی داهاتوو بڵێن ؟

یان بەرێز نەوشیروان مستەفای مێژوونووس بۆبەرگی داهاتوی یاداشتەکانی دەبێ چیمان پێبڵێ ؟

ـ ئایا قەڵەمەکەی هێندە بوێر دەبێ.. کە کاریگەری مزگەوتی حوسێنییە لەسەر بیرگەی لاوانی شار بنوسێ و دەوری سەرانی یەنك ئاشکرا بکات کە لەپێناو دەسکەوتێکی کەمی حزبی.. کەلتوری کوردەواریان بەرەو هەڵدێر و سرینەوە بردوە؟

دەبێ نەوشیروان مستەفا مێژوو چۆن بنوسێ ؟ یان ئەمیش ناودەنێ تاکتیك.. تۆبڵێی نەنوسێت مام جەلال هەمیشە (کچی خۆی کردوە بە قوربانی کوری خەڵکی) ... بە مانای لە پێناو دەسکەوتە کەم و بێ نرخەکانی خۆی.. کەلتور و مێژوو خاك و نیشتیمانیش دەکا بە قوربانی ؟ ئەی کاتێ کە دەنووسێ لە ساڵی ١٩٩٢ دا تێکرای کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بریاری سیستمی فیدرالی یان بەرز کردەوە و ررازی بوون.. ئەی باشە تۆبڵێی بنوسێ مامجەلال لە سەردانێکیدا بۆ تورکیا و لەسەر مەزاری (ئەتا تورك) سۆز بدات کە فیدراڵیەت قسەیەکی پووچەو پەشیمان بۆتەوە ؟

خۆزگە نەمردمایە وبەرگی داهاتووی یاداشتەکانی بەریز (نەوشیروان مستەفا) م دەخوینتەوە ...تا راسگۆییم بۆ دەرکەوتایە ! بۆیە من وەك هەوادارێکی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەدوای ئەم نووسینەوە فکر و تێروانینم هەڵدەگرم.. لەو مێژووەی کەرووی دا من هەبووم! !.. وەلێ لێرە بەدواوە من لەگەڵدا نیم ... ئەمەش بە هەڵوێستێکی شۆرشگێرانە وەردەگەرم.. چونکە دڵنیام لەدوای رۆژی گەیشتنی سکرتێر بە تورکیا ... مێژووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.. ناشرین دەبێ.. ئەگەر من بەشدار بم لە هەڵوێستی ئێستای یەنکدا، خۆم بە نەوەی ئەتا تورك دەزانم ... بۆیە بەم نوسینەش خۆم دڵنیا دەکەمەوە و ئاسوودەییەك بە خودی خۆم دەسپێرم ... کەلە تەتریك کردنی مێژووی شار و گەلەکەمدا من بەشدار نەبووم لە تەشویهکردنی شۆرشی نوێی گەلەکەمدا.. من نیم.. لەبەنارەسەنکردنی دەنگی دلێری گەلی کوردستاندا من دوورم.. لە گۆرینی ناوی سکرتێری حیزبەکەشمدا لە بەرێز مامجەلالەوە بۆ مام شان من نارازیم.. کاتی خۆی یان کەف و کوڵی گەنجێتیم بوو یان ساویلکەییم بوو کەنەمزانی..

جەلال و جەمال شان برابوون
لەهەگبەکەی ئەتاتورکدا بوون
سەعدیش خوێنی لەگەڵ (تورك مان) دا رشتبوو
من نەمزانی فیدراڵیەتیشیان فرۆشتبوو
پرۆتۆکۆڵەکانی تەتریك کردنیان ئیمزا کردبوو

©kurdistan.net

(جرتێکی گەورەیان) بۆکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لێ دابوو

توومەس هەر ئاشەکەی شەست و شەشە و بە مۆدرین کرابوو..

سوپاس بۆ عەقڵی خۆم کە زوو تێگەیشتم و بە شاهیدی هەمووتان.. من لە رۆژی (٢٨/ ٣/ ٢٠٠٢) هوە مێژووی خۆم لەگەڵ (ی ن ك) دا راگرت.. تکایە ئەوەی لەگەڵ ئەم رایەدایە.. هەڵوێست وەرگرێ.. ئەگەر زیاتریش دەزانێ با بێدەنگ نەبێ.!.

هوشیار ئیبراهیم

©Kurdistan Nêt